# دیسانەوە بێحورمەتیکردن بەژنان

کاوە حەسەن
Kawa2002@yahoo.com

ڕۆژ نییە گوێبیستی هەواڵی بەستنی کۆنفرانسێک، یاخوود لێدوانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و سەرۆکی کوردستان، یان سەرۆک کۆماری عێراقی "فیدراڵ" دژ بەتوندو تیژیی بەرامبەر بەژنان نەبین. دیارە هەر هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی مەینەتییەکانی مێینە لە مەملەکەتی ئێمەدا پێویستە بەهەند وەربگیردرێت، بەڵام کاتێک دەبینین ئەوجۆرە لێدوان و کۆنفرانسانە تەنیا بەمەبەستی گەرمکردنی بازاڕی سیاسەتە، ئەوە پێویستە دەستەڵاتداران شەرمەزاربکرێن لەبەرامبەر ئەو بەربەرییەتەی کە لەژێر دەستەڵاتی ئەواندا لە کوردستان و لەشارەکانی باشووری عێراق دژ بە ژنان ئەنجام دەدرێت.

هەرچەندە زۆرجار دەستەڵاتدارانی کوردستان لە بڵندگۆکانیانەوە هەڕەشەی سزادانی تاوانباران و بکوژانی ژنان دەکەن . کوشتنی ژنان لە کوردستاندا لەژێر بیانووی شەرف و نامووس پەرستییدا دەمێکە چاوپۆشی لێدەکرێت. ئەوەی لێردا مەبەستە دووبارەکردنەوەی ئەوە نییە ژنان بۆچی دەکوژرێن و ژمارەیان چەندە. بەڵکو ئەوەی مەبەستە ئەوەیە کە ئایە ئەو کەسانەی دەستیان سوورە بەخوێنی ژنان و بەشی شێریان بەردەکەوێت لەبێحورمەتیکردن بە ژنان کێن. کاتێک چاوت بە هەوالێک لە بابەتی ئەوەی کە لە سایتی ئاوێنەدا بڵاو بووەتەوە لە ژێر ناونیشانی "435 ئافرەت لەلایەن بەرپرسەوە دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر "[1] لەلایەن وەزیرو بەرپرسەکانی هەرێمەوە، وەڵامی ئەم پرسیارە وەردەگریتەوە. دوای وەرگرتنەوەی پرسیارەکەش ئیتر دنییایەک رق و کینە لە ویژدانتدا چەکەرە دەکات. هاوکات دنیایەک ترس و نیگەرانی مێشکت داگیر دەکات دیسانەوە دەپرسیت ئەگەر دەستەڵاتدارانی دەڤەرەکەم ئەوە کرداریانبێت، ئیتر دەبێت مرۆڤ یەخەی کێ بگرێت. هەرکەسێک چاوی بەو هەواڵە بکەوێت ئەستمە بتوانێت بێدەنگی هەڵبژێرێت. ئەستەمە شەرم داینەگرێت لەوەی کە ئەو خەڵکی ئەو دەڤەرەیە ، ئەستەمە پەنجەی تاوان بۆ ئەو دڕندەو جانەوەرانە درێژ نەکات کە ڕۆژانە بێحورمەتی بەچارەنووسی نەک بەتەنیا ژنان بەڵکو تەواوی خەڵکی ئەو هەرێمەوە دەکەن. ئاخر کێ هەیە بتوانێت دان بەخۆییدا بگرێت و لە گوڵ کاڵتر بەو بەرپرس و "وەزیرانە" نەڵێت. ئاخر کێ هەیە بتوانێت سنوورەکانی نوسین و ڕۆژنامەوانی نەبەزێنێت و هەرچی لەدڵیدا هەیە نەیڵێت. ئاخر بەڕاستی باسکردن لەیەکسانی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی مۆدێرن لەکۆمەڵگایەکدا کەئەوە ڕەوشت و پرەنسیپی بەرپرسەکانیبێت دەچێتە خانەی خەون و خەیاڵاتەوە و دەبێت مرۆڤ بیر لە ڕێگایەکی تر بکاتەوە.

دیارە بە تەنیا ژنانی کوردستاندا لەلایەن دەستەڵاتدارانەوە بەر تەوژمی پیاو سالاری نەکەوتوون، بەڵکو ژنانی شارەکانی باشووری عێراق لە ژێر دەستەڵاتی هاوپەیمانەکانی پارتی و یەکێتێدا زۆر دژوارترە. لە رۆژنامەی ڤانکۆڤەر سەندا لەبەرواری 8 ی دیسەمبەردا بابەتێک سەبارەت بەئەنجامدانی توندوتیژی دژ بە ژنان لەشارەکانی باشووری عێراقدا بڵاو کراوەتەوە.[2] لەو بابەتەدا بەزۆری ئامارە بەدژواربوونی هەلومەرجی ژنانی شاری بەسرە کراوە و لە دەمی بەرپرسانی ئەو شارەوە ئاماری کوشتنی ئەو ژنانە بڵاوکراوەتەوە کە بەدەستی چەکدارەکانی "مەجلیسی ئەعلی" و "

---

[1] http://www.awene.com/new2389/defaultn.asp
[1]http://www.awene.com/new2389/defaultn.asp

[2] Killers target Basra Women. The Vancouver Sun. Saturday. December 8, 2007

حزبی نەهزەو" و " سوپای مەهدی " کوژراون. ئەو ژنانەی کە بەرتەوژمی ئەم هێزە ڕەشانە دەکەون ئەوانەن کە ملکەچی یاساو رێساکانی سەدەکانی جەهل و خورافەت و کۆنەپەرستی دین نابن، ئەو ئافرەتانەن کە نایانەوێت سەرپۆش لەسەرکەن، ئەو کیژۆڵانانەن کە دەیانەوێت لەدانشگاکاندا بخوێنن و سەربەستانە و دوور لە دەستەڵاتی پیاوسالاری ژیان بکەن. کەچی ناهووشیاری و دواکەووتووی ئەو هێزانە توانای قبووڵکردنی ئەو جۆرە لە ئازادی بۆ ژنانیان نییە. ئەمە تاقە هۆکاری هاوپەیمانەکانی یەکیتی و پارتییە کە ڕۆژانە چەندین ژنی بی تاوان بکوژن و لاشەکانیان خەڵتانی خوێن بکەن و فڕێیان بدەنە سەر شەقامەکان. گێرانەوەی وردەکارییەکانی نێو ئەو بابەتە دەهێندەی هەواڵەکەی سایتی ئاوێنە دڵتەزێنە. وردەکارییەکانی نێو ئەو هەواڵە هێندە مایەی شەرمەزاری و بێزارییە کە مرۆڤ ڕووی دەمی بکاتە وەزیرو سەرکردە کووردەکان و لێیان بپرسێت ئەرێ ئێوە ئاگادارن کە چەکدارەکانی حیزبە هاوپەیمانەکانتان چی بە ژنان دەکەن، یاخوود لێیان بپرسیت ئەرێ ئەگەر خۆتان بێئاگا پیشان دەدەن لەهەموو ئەو ڕووداوانە بە تاوانی وەزیرەکانیشتانەوە ، بەنیازن هەڵوێستەیەک بکەن، بەنیازن بۆ چرکەیکیش بێت ڕاستگۆ بن لەگەڵ بانگێشەو پڕوپاگەندەکانتاندا سەبارەت بەدابینکردنی مافەکانی ژنان و پاراستنیان لە هەرجۆرە توندوتیژیەک. بێگومان مێژووی تاکو ئێستاتان سەبارەت بەژنان پێچەوانی بانگهێشتەکانتانە و بریتیە لەبێحورمەتی و سوکایەتی کردن، بریتیە نەک بەتەنیا لەکوشتنی دووعاکان، بەڵکو بێحورمەتیکردنە بە هەموو کەسەکانی ئەو وولاتە لەهەموو بارێکەوە، وەکاتی ئەوە هاتووە باجی ئەو بێحورمەتییە بدەنەوە.

**8 ی دیسەمبەری 2007**
**ڤانکۆڤەر**